وەزارەتی دارایی و ئابووری

ژمارە: (٧٤٠٨) لە : ٢٠١٨/٧/٢٢

پاڵپشت بە گشتاندنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٧٠٣) لە ٢٠١٨/٢/٨ و ئاماژە بەخاڵی (٢)ی ڕێنماییمان ژمارە(٥١)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە هەژمارکردنی ڕاژەی سەربازی بڕیاردرا بەدەرکردنی :-

ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٨
تایبەت هەژمارکردنی ڕاژەی سەربازی

١- خزمەتی سەربازی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی ئێستا داوا دەکەن بە هیچ شێوەیەك ئەژمار ناکرێت .

٢- هیچ نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەکرێت سەبارەت بەم بابەتە .

٣- هەر فەرمانبەرێك لە ساڵی (٢٠٠٦) خزمەتی سەربازی بۆ ئەژمار کرابێت بەڵام لێبڕینی خانەنشینی (توقیفات تقاعدی) یان نەداوە ئەوا ئەو خزمەتە ئەژمار ناکرێت ، و ئێستا ناتوانن لێبڕینی خانەنشینی بدەن بەپێی یاسایی خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو کە ئاماژەی کردووە هەر خزمەتێك پێویستە لە کاتی خۆی پارەی لێبڕینی خانەنشینی بدرێت .

٤- ئەو فەرمانبەرانەی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی وئابووری هەبێت لە ساڵی ٢٠٠٦ و لێبڕینی خانەنشینیان دابێت ئەوا پەسندە و لێیان وەرناگیرێتەوە بەڵام هەریەکێك لەم مەرجانەی نەبێت پێویستە خزمەتەکەی هەڵبوەشێتەوە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٣)ی سەرەوە .

ڕێباز محمد حملان
وەزیری دارایی و ئابووری